زنجیرە کتێبی
خەونە گەورەکانی منداڵان

# ستیڤ جۆبز

# ستیڤ جۆبز

نووسەر: ماریا ئیزابیل - سانچیز فیگارا
وێنەکان: ئۆرا لیڤیس
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: نەرمین عوسمان
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆبەتی چاپ: 2022
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 3000 دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (١٨٩٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (40)

ماریا ئیزابیل – سانچیز فیگارا

# ستیڤ جۆبز

وێنەکان: ئۆرا لیڤیس

لە عەرەبییەوە: نەرمین عوسمان

2022

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانیی، قازانجنەویســتە. کاری ســەرەکی؛ ئەنجامدانــی توێژینــەوە و بەدواداچوونــی پرســە هەنووکەیــی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان، ســازکردنی کۆڕ، ســمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی 2013 لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.






ستیڤ، لە سانفرانسیسکۆ لە دایک بووە. هێشتا منداڵێکی شیرەخۆرە بوو کە ستیڤ و خانمەکەی گرتیانە خۆیان و بەڵێنیان دا کە ژیانی پڕ بکەن لە خۆشەویستی و بەپێی توانا باشترین ئاستی خوێندن و زانستی بۆ دابین بکەن.




ستیڤ زۆر بایەخی بە شێوازی دروستکردنی کەلوپەل دەدا،
بەڵام لە قوتابخانە هەستی بە بێزاری دەکرد.




لە ماڵەوە لە ژێرزەمینەکەیاندا کاتێکی خۆش و دوورودرێژی بە کارکردن لەگەڵ باوکی بەسەر دەبرد. ئەوەندەی نەبرد زانی کە تاکە ڕێگە بۆ سەرکەوتن ئەوەیە کە ئەو کارە بکات کە ئارەزووی لێیەتی.






رۆژێکیان، ستیڤ بوو بە ئەندام لە یانەیەکی تایبەت بە منداڵە بەهرەمەندەکان کە کۆمپانیایەکی وەبەرهێنەری ئەلکترۆنی بەڕێوەی دەبرد. ستیڤ سەرسام بوو بە ئامێرەکانی بێسیم و ئامێرەکانی وێنەگرتنی خێرا، بە ڕێکەوت ئامێرێکی ئاڵۆزی بینی کە پێشتر نەیبینیبوو.

ئەو ئامێرە کۆمپیوتەر بوو! زۆر گەورە بوو...
ئەستەم بوو لە ژووری کوڕێکی 12 ساڵدا جێگەی بێتەوە.



ستیڤ هەموو پشووی هاوینەکەی لە یانەی ئامێره ئەلکترۆنییەکان بەسەربرد و سەرقاڵی فێربوون بوو لە بارەی کۆمپیوتەرەوە، گرنگترین ئامێر کە مرۆڤ دایهێناوە.



لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی، هەندێک کەس گومانیان دەکرد کە ستیڤ کەسێکی بلیمەت و نامۆیە، هەندێکیش پێیان وابوو لە هیپییەکانە، بەڵام ستیڤ وەک سروشتی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد.
لە توانایدا هەبوو بۆ چەندین کاتژمێر لەگەڵ وزی هاوڕێی لەبارەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانەوە بدوێت.




لەگەڵ هاوڕێ کچەکەی «کریسان» گەشتی دوورودرێژی دەکرد، ئەوکات زانیی کە چەند هۆگری هونەر و ئەدەبە...





ستیڤ نەیدەویست دایبابی هەرچی پاشەکەوتیانە بۆ خوێندنی ئەو خەرجی بکەن، بۆیە پێش وەرگرتنی بڕوانامە وازی لە زانکۆ هێنا، بەڵام بەپەنهانی ئامادەی ئەو وانانە دەبوو کە جێی بایەخی بوون، وەک: وانەی هونەری خۆشنووسی کە لێوەی فێری هونەری خۆشنووسی بوو.





ستیڤ هەموو پارەکانی پاشەکەوت دەکرد و پاشان گەشتێکی دوورودرێژی بۆ هیندستان پێ کرد.

لەوێ، لە ڕێگەی تێڕامانەوە (مێدیتەیشن) فێر بوو کە تووشی دڵەڕاوکێ نەبێت دەربارەی رابردوو و داهاتوو، بەڵکوو تەنیا بایەخ بە ئێستای بدات. دڵنیا بوو لەوەی هەموو ئەو شتانەی فێری بووە، یەک دەگرنەوە و پێکەوە پەیوەستن.




کاتێک ستیڤ گەڕایەوە کالیفۆرنیا، سەردانی وزی هاوڕێی کرد، کە لەماڵەوە خەریکی دروستکردنی ئامێری کۆمپیوتەر بوو.



ســتیڤ بیری کردەوە کە بیرۆکەیەکی ناوازەیــە ئەگەر هەموو کەس بتوانێت لەو کۆمپیوتەرەی لــەماڵەوە هەبێت، لەگەڵ وزی هاوڕێی بڕیاریان دا کۆمپانیایەک دروست بکەن.








هەردوو هاوڕێکە بڕیاریان دا ناوی میوەیەک لە کۆمپانیاکەیان بنێن (Apple – سێو)، ژێرزەمینەکەی ماڵی ستیڤیان کرد بە نووسینگەی کۆمپانیاکەیان. چەندین شەو و ڕۆژیان بە کارکردن لەسەر پرۆگرامەکان بەسەردەبرد، هەوڵیان دەدا وێنای کۆمپیوتەرێکی کەسیی بکەن.

وز، ئەندازیارە هەڵکەوتووەکە بوو، بەڵام ئەوەی کە کۆمپیوتەر ببێت بە ئامێرێکی سادە و ئاسان بۆ بەکارهێنان، بیرۆکەی ستیڤ بوو.



دەســـتپێکی فرۆشـــی کۆمپانیاکەیـــان 200 کۆمپیوتەر بوو،
ئەوەندەی نەبرد کۆمپانیاکەیان زۆر سەرکەوتوو بوو.




ستیڤ لای روون بوو کە بابەتە گرنگەکان بە تاکە کەسێک نایەتە دی، بەڵکوو بە تیمێکی یەکگرتوو، بۆیە کەوتە دامەزراندنی زۆرێک لە هونەرمەند و دیزاینەر و ئەندازیارە بەهرەمەندەکان، هانی دان کە بە شێوازێکی داهێنەرانە بیر بکەنەوە بۆ ئەوەی ئامێرێکی نوێ دیزاین بکەن کە ناوازە بێت و هاوشێوەی نەبێت.






2001




چ بە کارکردن لەسەر کۆمپیوتەر، یاخود لەسەر مۆبایل، ستیڤ بۆ دنیای سەلماند کە دیزاین تەنیا کورتنارکرێتەوە لەسەر شێوەی ئامێرەکە، بەڵکوو لەسەر چۆنیەتی کارکردنەکەشی.

بەپێی بۆچوونی ئەو، دیزاینی سەرکەوتوو، ئەوەیە کە ئاسانکاری لە ژیانی هەمواندا دەکات.





ستیڤی منداڵ، بوو بە یەکێک لە سەرکەوتووترین سەرمایەدارەکان لە جیهاندا و پاڵەوانێک لە بواری تەکنەلۆژیای رۆژانەدا. هەموو ئەمانە بەهۆی بوێری و کردنی ئەو کارەی کە دڵ و هەست دەیەوێت، بەدەست هێناوە.

هەرکەسەو خەونی جیاوازی هەیە

کەواتە خەونی تۆ چییە؟

دەتوانیت لێرەدا بە راوێژ لەگەڵ خێزانەکەت خەونەکەت بنووسیت:

ئەگەر داوات لێبکەین،

دەتوانیت لە بارەی خەونەکانتەوە وێنەیەك بکێشیت:

**ستیڤ جۆبز**

(2011 – 1955)

هەر لە منداڵییەوە، ستیڤ بەهۆی تواناکانی و بیرۆکەکانی سەبارەت بە ئامێری کۆمپیوتەر، کەسێکی سەرسامکەر بوو. پێی وابوو کە ئەو ئامێرە توانای گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە. خواستەکانی بۆ دروســـتکردنی کۆمپیوتەری کەسیی کە هەموو کەسێک توانای بەدەستخستنی هەبێت، هاندەری ستیڤ بوو، تا وای لێ هات بووە یەکێک لە درەوشاوەترین و کاریگەرترین داهێنەرەکانی جیهان.